# ئەگەر هەتا ساڵی داهاتوو لە ژیاندا بمێنم؛ ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبم

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەتا ساڵی داهاتوو لە ژیاندا بمێنم؛ ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبم».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر هەتا ساڵی داهاتوو): واتە هەتا مانگی موحەرەمی ساڵی داهاتوو. (لە ژیاندا بمێنم): واتە زیندوو بم. (ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش): واتە لە گەڵ ڕۆژی عاشورا کە دەی مانگی موحەرەمە، هۆکاری ڕۆژووگرتنی ڕۆژی نۆیەم لە گەڵ دەیەم وەکو پێچەوانەیەک بۆ جولەکە کە تەنها ڕۆژی دەیەم بەڕۆژوو دەبن، ووتراوە: وەکو یەدەگ نەوەک ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عاشورا لە دەست بچێت، بەڵام ڕای یەکەم پەسەندترە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەتا مانگی موحەرەمی ساڵی داهاتوو لە ژیاندا نەما وکۆچی دوایی کرد، ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دووپاتی لەسەر کردبێتەوە ئەنجامدانی سونەتە، بۆیە ڕۆژووگرتنی ئەم دوو ڕۆژە سونەتە وئەگەر نەکرا ڕۆژی دەیەم ویانزەیەم، وئەگەر کەسێک ئەمیشیانی نەتوانی ئەوا دروستە تەنها ڕۆژی دەیەم بەڕۆژوو بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6217

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee